

خۆتان لە
گەمترین
گومانی
ڕیبا بەدوور بگرن
ڕیبا
د. إحسان برهان الدين
خۆتان لە گەمترین گومانی ڕیبا بەدوور بگرن

# خۆتان لە کەمترین
# گومانی ڕیبا
# بەدوور بگرن

نووسینی
إحسان برهان الدين


بسم الله الرحمن الرحيم

ئەم پەیامەم بۆ ئەو خوشك وبرایانەم دەنێرم
کە بە هیواو ئاواتی ئەنجامدانی گەشتی
پیرۆزی عومرە و بە ئومێدی ئەوەی خەرجی
گەشتەکەیان لەسەر سووك ببێت و هەرزانتر
بکەوێت پەنا بۆ ئەو مامەڵە ڕیبەوییەی
گۆڕینی دینار بەدۆلار ئەنجام دەدەن، لەگەڵ
ئەوەشدا من یەقینم هەیە ڕیبایە، بەڵام لێرەدا
لەو ڕوانگەی کە مامەڵەیەکی گوماناوییە و

ئەگەری زۆری هەیە ڕیبا بێت و کاڵاوێك بێت بکرێتە سەر گەشتیاران بەگشتی و گەشتیارانی سەفەری عومرە وحەج بەتایبەتی بۆ ئەوەی بکەونە ناو زەلکاوی ڕیباخواردنەوە، چونکە مەبەستێکی زۆر بنەڕەتی حکومەتەکانە بە ڕێگاری جیاواز وجۆراو جۆرەوە خەڵکی وا لێ بکەن ڕیبا خواردنیان بەلاوە ئاسایی ببێتەوە.

هۆكاری جەختكردنەوەم لەسەر ئەم بابەتە بەجێهێنانی واجبی ئەو زانستەیە اللّٰە تعالی لە دینەكەیدا پێی بەخشیوم ، هەروەها دلسۆزیمە بۆ براو خوشكەكانم كە سۆز و هەستی دینداریيان قۆزراوەتەوە بۆ ئەوەی بێ ئەوەی بەخۆیان بزانن ببنە هۆكاری سوو بۆ بانكە ڕیبەوییەكان و كۆمپانیاكانی حەج وعومرە، كە بەداخەوە زۆرێكیان - نالێم

هەموویان - ڕۆڵێکی گوماناوی و خراپ دەگێڕن و لەپێناو بەدەستهێنانی ئامانجی مادی لەهیچ ڕێگایەکی حەرام سڵ ناکەنەوە بەداخەوە.

1 - عومرە ئەو گەشتە ڕوحییە پیرۆزەیە دڵی هەموو موسوڵمانێك پێش جەستەی ئاواتەخوازە لەشەقەی باڵی خۆشەویستی

بدات و بەرەو لای کەعبەو مەشاعیرەکان هەڵفڕێت، گەشتی عومرە بەر لەوەی گەشتی جەستە بێت گەشتی دڵە ئیماندارەکانە بەرەو ماڵی اللە کە خۆی دەربارەی فەرموویەتی: (وَإِذْ جَعَلْنَا ٱلْبَيْتَ مَثَابَةً لِّلنَّاسِ وَأَمْنًا ) البقرة:125.

کاتێك مرۆڤ موسوڵمان دەیەوێت لە مادییەت و سەرقاڵییەکانی دونیا دووربکەوێتەوە، کاتێك چاو دەبڕێتە لێخۆش

بوون و ڕەزامەندی پەروەردگاری، بیری ماڵەکەی دەکات و پێی خۆشە بچێتە مەککە و لەتەواف و لە سەعی کردندا فرمێسکی خۆشەویستی و پەشیمانی لە تاوانەکانی بۆ پەروەردگاری هەڵوەرێنیت، بەڵکو لێی خۆش ببێت و وەکو مرۆڤێکی جیاواز وباشتر لە جاران بگەڕێتەوە.

2 - هەمیشە دەبێت لەوە دڵنیا ببین اللە پاکە و پاك نەبێت قبوڵی ناکات، وەکو لە سەحیحی موسلیمدا هاتووە: (إنَّ اللَّهَ طَيِّبٌ لا يَقْبَلُ إلَّا طَيِّبًا). بۆیە کاتێك ئامانجێکی پیرۆزت هەیە وەکو عومرە کردن، یان هەر عیبادەتێکی تر، نابێت رێگای حەرام وگوماناوی بۆ هەڵبژێرێت، گەشتی عومرە گەشتوگوزارێکی ئاسا نییە، بەڵکو عیبادەتێکی جەستەییە و لە

مەرجەکانی قبوڵ بوونی ئەوەیە خەرجییەکەی حەڵاڵ بێت وبەهیچ حەرام و گومانی حەرامێك تیکەڵ نەبووبێت.

چۆن ڕێگای حەرام و یان گومانی حەرام دەگیرێتەبەر بۆ عیبادەتێکی وا گەورە؟

ئایا دەتەوێت بۆ عیبادەتێکی وا پیرۆز کە دەستی پاڕانەوەت لە تەوافدا بەرز دەکەیتەوە و فرمێسکی پەشیمانی و خۆشەویستی لەگەڵ

نزاکاتدا لەپاڵ کەعبە و لە سەفا ومەڕوە هەڵدەوەرێنیت، لە پێناو بەدەستهێنانی چەند سەد دۆلارێك مامەڵەیەکی ڕیبەوی لەگەڵ بانکێکی ڕیبەوی ئەنجام بدەیت، ئەوە ستەمە لەخۆتی دەکەیت و نەکردنی ئەو عومرە هەر زۆر باشترە بۆ دینت لە کردنی.

3 - هەندێك دەڵێن ئاخر ئێمە فەتوامان بۆ دراوە کە ئەو گۆڕینەوەی دینار بۆ دۆلارە بۆ مەبەستی گەشتی وڵاتان یان گەشتی عومرە درووستە و ڕیبا نییە وئێمە بەفەتوای ئەو حەڵاڵکەرانە دەڕۆین!

لەڕاستیدا ئەوە جۆرێکە لە خۆخەڵەتاندن وحەزکردن بەشەرعاندنی ڕیبا، هەرکەسێکیش بەو مەبەستە خوار و لادەرەوە دینداری

بکەیت، هەموو جۆرە خراپەیەکی تێدا کۆ دەبێتەوە، چونکە لەسایەی ئەوانەی کە بەناوی دینەوە قسە دەکەن و بە حەقیقەتی دین جاهیلن، هەروەها ئەوانەی کە بازرگانی بەدینەوە دەکەن و ئەوانەی دەستیان لەگەڵ دەسەڵات و لایەنەکانی ئەم مامەڵە تێکەڵە وەکو بانکەکان و هەندێ لە کۆمپانیاکانی حەج وعومرە، بۆ حەڵاڵ کردنی هەر

مامەڵەیەکی حەرام بگەڕێیت کەسێکت دەست دەکەوێت بۆتی حەڵاڵ بکات، کەسەکەش لەوانەیە لە جلوبەرگی ئایینی و لە سیما و بڕوانامەی بەرز هیچی کەم نەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا فەتواکەی حەڵاڵکردنێکی ئاشکرای حەرامێك بێت.

ئەگینا ئەگەر هیچ بەڵگەیەك نەبوایە جگە لە فەرموودەكەی رسول اللّٰه لە سەحیحی موسولیمداكە فەرموویەتی:

(الذَّهَبُ بالذَّهَبِ، والفِضَّةُ بالفِضَّةِ، والبُرُّ بالبُرِّ، والشَّعيرُ بالشَّعيرِ، والتَّمرُ بالتَّمرِ، والمِلْحُ بالمِلْحِ: مِثْلًا بمِثْلٍ، يَدًا بيَدٍ، فمَن زاد أوِ ازداد فقد أَرْبى؛ الآخِذُ والمُعْطِي فيه سواءٌ)البخاری:2134. ئەوە بەس بوو بۆ ئەوەی

هیچ حەڵاڵکەرێك زاتی ئەوەی نەبێت لەڕووی سوننەتێکی صحیحدا بوەستێتەوە و تأویلاتی بۆ بکات.یان ئەم فەرموودەیە:

(الذَّهَبُ بالذَّهَبِ رِبًا إلَّا هاءَ وهاءَ، والبُرُّ بالبُرِّ رِبًا إلَّا هاءَ وهاءَ، والتَّمرُ بالتَّمرِ رِبًا لَّا هاءَ وهاءَ، والشَّعيرُ بالشَّعيرِ رِبًا إلَّا هاءَ وهاءَ)

یان بگەڕێن لە فەتوای زانایان و مجامع ی فیقهی و لە کتێبی هەموو ئەوانەی کە بە

شارەزای ئەم بوارە ناسراون، بزانە پێناسەی القبض الحكمي چییە و ئایا بەهیچ شیوەیەك واتای ئەو پێناسەیەی زانایان باسیان كردووە لەو مامەڵەی ئێستا دەكرێت درووست بووە.

4 - موسوڵمانی خاوەن دین و تەقوا و لە اللە ترس، جگە لەوەی خۆی لە حەرام دەپارێزێت، خۆی لە شتی گوماناوی و مشتبهات یش هەر دەپارێزێت، بۆیە ئەگەر ئەو مامەڵەی گۆڕینی دینار بەدۆلارەی کە لە فرۆکەخانەی کەرکوك یان لەهەر شوێنێکی تر دەکرێت بەو شێوەی کە نە **(تقابض)** ی فیعلی و نە تقابض ی حوکمی تێدا نییە،

بەيەقين ڕيبايە، بەڵام تۆ بڵێ ئەگەری ئەوەی هەيە ڕيبا بێت، ئەی كوا تەقوا و كوا خۆپارێزی موسوڵمان لەو شتانەی كە جێگای گومانن؟

ئايا نەتزانيوە رسول الله صلى الله عليه و سلم وەكو لە هەردوو سەحيحی بوخاری وموسليمدا هاتووە فەرموويەتی: **(فَمَنِ اتَّقَى الشُّبُهَاتِ اسْتَبْرَأَ لِدِينِهِ وَعِرْضِهِ)**؟

ئایا ئەو موفتیانەی ئەو ریبایەیان بۆ حەڵاڵ کردووی لە قیامەتدا فریات دەکەون؟ نەخێر فریات ناکەون چونکە تۆ بە ئیرادەی خۆت ئەو مامەڵە گوماناوییەت هەڵبژارد و بڕیارتدا پیسترین ڕێگە بۆ ئەنجامدانی پاکترین عیبادەت بگریتە بەر، بۆیە بەکورتی هەر مامەڵەیەك گومانی ڕیبای لێکرا موسوڵمان لێی دوور دەکەوێتەوە ولەبەر چەند سەد

دۆلارێکی کەم کە دەستکەوت و داهاتی مامەڵەیەکی ڕیبایە، سەرکێشی بەدینی خۆیەوە ناکات.

5 - اللّٰه تعالی هەرگیز داوامان لێ ناکات کارێك ئەنجام بدەین لە توانامان‌دا نەبێت، تۆی موسوڵمانی بەڕێز ئەگەر توانای مادی عومرە کردنت نییە کەواتە لەسەرت واجب نییە،

حەجكردن كه یه‌كێكه له كۆڵه‌كه‌كانی ئیسلام واجب نابێت له‌سه‌ر هیچ كه‌سێك تاكو توانای مادی وتوانای پێویستی تری نه‌بێت: **(وَلِلَّهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ)** آل عمران:97. جا كه تۆی موسوڵمان توانای مادی عومره‌ت نییه وواجب نییه له‌سه‌رت، ئیتر بۆچی خۆت تووشی تاوانێك ده‌كه‌یت الله تعالى جه‌نگی له دژی

ئەنجامدەرەکەی ڕاگەیاندووە: **﴿فَإِنْ لَمْ تَفْعَلُوا فَأْذَنُوا بِحَرْبٍ مِنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ﴾**البقرة: 279.

6 - ئەگەر تۆ عومرەکردن و گەیشتن بە کەعبە و سەفاومەڕوا و شوێنە پیرۆزەکانی تر بە پیرۆز دەزانیت، ئەوە دەبێت پێش ئەوە فەرمانەکانی الله تعالی بەمەزن بزانیت و سنووریان نەبەزێنێت. لە فەتوای نەشاز و

هەوڵەکانی شلکردنەوەی دین و پاڵنانی موسوڵمانان بەرەو تێوەگلان بە سووخواردن ئاورِ مەدەرەوە.

لە هەموو قورئانی پیرۆز و سوننەتدا هیچ هەڕەشەیەك نەهاتووە لەسەر تاوانێك هاوشێوەی هەڕەشەی ئەنجامدەری ڕیبا بێت، اللہ تعالی فەرمانی کردووە لە هەموو جۆرەکانی ڕیبا ئەگەر کەمترین بڕیش بووە

دووربکەوینەوە و فەرموویەتی: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَذَرُوا مَا بَقِيَ مِنَ الرِّبَا إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾ البقرة: 278.

بەڵام ئەگەر ئێمە ئەو هەڕەشەمان بەهەند وەرنەگرت و ئەو فەرمانەی اللہ مان بەدوورکەوتنە لە ڕیبا ئەگەر بڕێکی زۆر زۆر کەمیش بووە وەرنەگرت، ئەوا اللہ عزوجل جەنگمان لەدژ ڕادەگەیەنێت و

فهرموویهتی:﴿فَإِنْ لَمْ تَفْعَلُوا فَأْذَنُوا بِحَرْبٍ مِنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ﴾ البقرة: 279.

ههروهها له سوننهتیشدا ئهو کهسهی که به سووخواردن تێوهگلابێت و کهوتبێته ناو ئهو زهلکاوه، بهر لهعنهت کهوتووه، نهك ههر خۆی ههموو کهسێکیش که ئاسانکاری بۆ ئهنجامدانی ئهو کاره کردووه بهر لهعنهتی الله

دەكەوێت، وەكو لە سەحیحی موسلیمدا هاتووە: **«لعن آكل الربا، وموكله، وكاتبه، وشاهديه، وقال: هم سواء».**

7 - ئەوە بزانن لە كوردستاندا ئاراستەیەك هەیە - بەداخەوە خەڵكیش بەو ئاراستە ڕازین وبەدەمییەوە دەچن - ئاراستەكە بریتییە لەوەی خەڵكی بەرەو ڕێباخواردن دەفع

دەکرێن، لە ڕاستیدا ئەوەش بەکوردستانەوە تایبەت نییە، بەڵکو لە هەموو شوێنێك ئەو ئاراستەیە کاری بۆ دەکرێت کە بە هەر نرخێك بووە وا لە خەڵکی بکەن لە ڕیبا خواردن سڵ نەکەنەوە و بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەڵێك لەوانەی لە بنچینەدا ئەرکی شێواندانی شەریعەتیان خراوەتە ئەستۆ سەرقاڵی تێپەڕاندنی ئەو بابەتەن، تەنانەت لە

هەندێ وڵات حاڵ بەوە گەیشتووە هەموو جۆرە مامەڵە ڕیبەوییەکانی بانکەکانیان حەڵاڵ کردووە، بۆ ئەم مەبەستەش زنجیرەیەکی دوور و درێژیان لە بیانوو درووست کردووە کە هەندێ جار بۆ قەناعەت پێکردنی خەڵکی تێکەڵەیەك لە حەق و باتڵ پێشکەشی خەڵکی دەکەن بۆ ئەوەی ئەو بەشە حەقەی لە

قسەکانیاندایە بەشە باتڵەکەی پێ بشارنەوە و ئەوەش ئامانجی کۆتاییە.

8 - ئەگەرچی مسقاڵەزەڕڕەیەك گومانم لەوە نییە ئەو مامەڵەی کۆمپانیاکان و عومرەکاران دەیکەن سەبارەت بە گۆڕینەوەی ئەو بڕە دینارە بەو دوو هەزار دۆلارە ڕیبایە، لەبەر ئەوەی هیچ جۆرە **(تقابض)**ێك نە فیعلی ونە

حوكمی تێدا درووست نەبووە، لەبەر چەندین هۆکاری تریش کە جۆرەها مەرجی ناشەرعی و فێڵ و غەش و بازرگانی نادرووستی کۆمپانیاکانی تێدەکەوێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دادەبەزم و (جدلا) دەڵێم مەسەلەکە خیلافییە لەبەر ئەوەی هەندێ دەڵێن ڕیبا نییە و هەندێکی تر دەڵێن ڕێبایە، دەپرسم:

* ئایا زانیوتە رسول اللّٰه صلی اللّٰه علیه وسلم فەرموویەتی: **«دع ما يريبك إلى ما لا يريبك»**.الترمذي (2442) ، وأحمد (1630) ، وابن حبان (722)

واتە: هەرشتێك گومانت بۆ درووست بوو تێیدا دەستی لێ هەڵبگرە و بچۆ سەر ئەوەی کە هیچ گومانێکی تێدا نییە.

* ئایا زانیوتە رسول اللّٰە صلی اللّٰە علیە و سلم فەرموویەتی: **«فمن اتقى الشبهات فقد استبرأ لدينه وعرضه»** البخاري (52)، ومسلم (1599) .

واتە هەرکێ لە شوبهە و گومان خۆی بەدوور گرت ئەوا خۆی لە گوناه و تاوان و نوقسانی دین بە دوور گرتووە.

* ئایا زانیوتە ئەگەر دۆخی داراییت گونجاو نەبێت ئەسڵەن عومرەت لەسەر نییە، بەڵکو حەجیشت لەسەر نییە و اللە تعالى دەربارەی حەج فەرموویەتی: ﴿وَلِلَّهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًا ۚ وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ اللَّهَ غَنِيٌّ عَنِ الْعَالَمِينَ﴾ آل عمران: 97.

* دواخستنی عومرەکەت تاکو ئەو کاتەی توانای داراییت دەبێت و بەپارەیەکی پاك وحەڵاڵ ئەنجامی ئەدەیت زۆر لەوە باشترە خێرا وبەهەرزان عومرەکەت ئەنجام بدەیت و ببێت بە یارمەتیدەری بانکە ڕیبەوییەکان لە مامەڵە حەرام و گوماناوییەکانیاندا وهەروەها بەهۆی تۆوە کۆمپانیاکانی حەج و عومرەش بەو بیانووەی کە هەندێ لەوانەی جۆرەها

فەتوای ناشەرعی و دژ بە عەقیدە و شەریعەتیان پێشتر بۆ موسوڵمانان داوە و ئەم ڕیبایەشیان بۆیان حەڵاڵ کردووە، درێژە بەم مامەڵە حەرامە وخۆل لەچاوکردنەی موسوڵمانان ئەدەن و ئێوەش هۆکاری ئەو تاوانەی ئەوانن چونکە قازانجێکی زۆریان بۆ دابین دەکەن.

9 - ئیمانداری هوشیار و ڕاستگۆ لەگەڵ دینەکەیدا، ناپرسێت کێ فەتوای حەڵاڵی ئەو مامەڵەی داوە؟ ئەو پرسیارە لە (هەندێك )لە کۆمپانیاکانی حەج وعومرە دەوەشێتەوە چونکە هەموو هەم و غەمێکیان ئەوەیە چۆن قازانج بکەن و بەفەتوای هەرکەسێك ڕازی دەبن ئەو ڕێگەیان بۆ بشەرعێنێت، بەڵکو ئیمانداری ڕاستگۆ کە مەبەستی ڕازی کردنی

الله یە دەپرسێت: چۆن بەو حاڵەوە بچمە دیداری پەروەردگارم، ئایا پێی بڵێم یارەبی من ئەوەم دەزانی کە ڕیبایە بەڵام لەسەر فەتوای ئەوانە عومرەکەم ئەنجامدا کە دەیانوت عومرەی خۆتان بکەن و ڕیبا نییە.

ئایا ڕووت دێت بڵێیت من دەمزانی و زۆر زانا و خەڵکی شارەزا دەیانوت ڕیبایە نەکەن خۆتان لەو زەلکاوە بنێن و مامەڵەی ڕیبا بکەن

و سوو بخۆن، بەڵام ئێمە لەبەر ئەوەی پێمان خۆش بوو سەردانی ماڵەکەت بکەین گەشتەکەش هەرزان دەکەوت لەسەرمان و هەندێ جار قازانجیشمان دەکرد، وتمان باڕیباش بێت هەر دەیکەین، ئەوە هەرگیز لە قسەی کەسی ئیماندار ناوەشێتەوە.

10 - ئەی خوشك وبرای گەشتیار و بەتایبەتی عومرەکار: هەرکەی پێشنیاری وەرگرتنی ئەو بیست گەڵایەیان بۆ کردی و وتیان لە دەستی خۆتی مەدە، مامۆستا فلّان و مەلا فیسار حەڵاڵیان کردووە، پێیان بڵێ: هەرگیز یەکەم هەنگاوم بەرەو ماڵی اللّٰه تعالی وئەو مەشاعیرە پیرۆزانە  نایەڵم بەشتێك بێت هەندێك پێیان وایە ڕیبایە و بێگومان حەقیش لەگەڵ

ئەواندایە، هەندێکی تریش (.... )حەڵاڵیان کردووە و پێیان وایە کێشەی نییە، پێیان بڵێ: هەرگیز گەورەترین عیبادەت بە گەورەترین تاوان تێکەڵ بەیەکتر ناکەم، نەك لەبەر دەستخستنی بڕە پارەیەکی کەم، بەڵکو ئەگەر کۆڵێك دۆلارم پێ بدەن بە دین وبەقەبر و قیامەتی خۆمەوە سەرکێشی ناکەم.

پێیان بڵێ: عومرە ئەگەر ئێستاش لە دەستم بچێت قەرەبوو دەکرێتەوە، ئەگەر نەشکرێتەوە اللّٰه عەلیمە بەو حەزو خۆشەویستییەی لەدڵمدا هەیە بۆ سەردانیماڵەکەی، بەڵام سەلامەتی دین ئەگەر لەدەستم چوو بۆم قەرەبوو ناکرێتەوە.
ماڵی اللّٰه عزوجل هەر لەشوێنی خۆیەتی و بەسەربەرزی وگەشاوەیی دەمێنێتەوە،

دەرگاکانی خێریش هەر کراوەن بۆ کەسێك مەبەستی چاکەی هەبێت، هەرکەسێکیش لەبەر ڕەزامەندی الله عزوجل دەستبەرداری قازانجێك ببێت وەکو ئەم دوو فلسە پیسەی لەو ئاڵوگۆڕە گوماناوییە بەدەست دێت، الله تعالی بەشتی زۆر لەوە باشتر قەرەبوویان دەکاتەوە.

11- ئەی براو خوشکی عومرەکاری ئازیز، با ئەوەت لەبیر بێت، تۆ کە بۆ ماڵی الله تعالی دەڕۆیت وڕووڵەکەعبەکەی دەکەیت، گەورەترین توێشووت ماڵێکی زۆر نییە لەگەڵ خۆتی ببەیت، بەڵکو ماڵێکی پاکی دوور لە گومانە کە سوور بزانیت حەڵاڵە و وەکو ئاوی سازگار ڕۆشن بێت.

ئەنجامدانی عومرە بە ئاسانكاری و وەرگرتنی ئەو پارەیە، رێك وەكو ئەوەیە دەستنوێژ بەئاوێك بگریت كەسانێكی پێت بڵێن ئەوە ئاوێكی پیسە نەكەی دەستنوێژی پێ بگریت، كەسانێكی تریش (......) پێت بڵێن كێشەت نەبێت، ئاورٍ لەوانە مەدەرەوە كە دەڵێن ئەو ئاوە ئاوی زێرابە ودەستنوێژی لێ درووست

نییە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر بڵێی ئاوێکی پاك وسازگارە.

یان وەکو ئەوەیە خواردنەوەیەکت لەبەردەمدا بێت، کەسانێکی دڵسۆزت پێت بڵێن نەیخۆیتەوە ژەهرە، کەسانێکی تریش بڵێن بیخۆ وسڵی لیٚ مەکەوە، ئاوێکی سازگارە و باوەڕ بەوانە مەکە دەڵێن ژەهرە. ئەگەر مەسەلەیەکی دونیاییش بیت ژیری و

حیکمەت ئەوەیە موجازەفە نەکەیت و نەیخۆیتەوە چجای مەسەلەکە قیامەتی بێت.

12- حەقیقەتێکی زۆر گرنگ هەیە پێویستە هەموومان بیزانین ئەویش ئەوەیە: لەم ڕۆژگارەدا سستمی جیهانی وهەموو دەوڵەتەکان میللەتان بەرەوە سووخواردن ئاراستە دەکەن و هەموو ئاسانکارییەکیان لەو

بوارەدا بۆ دەکەن بۆ ئەوەی ناچاری سووخواردنیان بکەن، ئەوەش کۆمەڵێك هۆکاری هەیە و هەندێ ئامرازیشی هەیە لە ڕێگەیەوە جێبەجێی دەکەن لەوانە:

أ - لە بنچینەوە هەوڵ دەدرێت وشەی ڕیبا لاببرێت و بەکارنەهێنرێت بۆ ئەوەی میللەتان بێ ئەوەی بەخۆیان بزانن بەناوی جیاوازەوە

وەکو سوو، فائیدەی بانکی و ناوی تر ڕیبا بخۆن.

ب - پێدانی جۆرەها قەرز بە هاوڵاتیان کە هەمووی بەشێوەیەك لە شیوەکان مامەڵەی ڕیبای لەخۆی گرتووە، جا هەندێکی ئاشکرایە و هەندێکی وردبوونەوەی دەوێت، چونکە حیلەی تێدا بەکاردێت بۆ تێپەڕاندنی.

ج - زۆربی ئەو ڕیکلامانەی کە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە مامەڵەکە هیچ ڕیبایەکی تێدا نییە و زۆر جاریش هەر لایەن و کۆمپانیا و بانکێك لەوانە مامۆستایەکی دین لاوازیان هێناوە بە دڵی خۆیان فەتوایان بۆ دەدات.

د - هەمیشە بۆ ڕاکێشانی زۆرترین ژمارەی خەڵکی جۆرەها ئۆفەر و ئاسانکاری و هاندان

پێشکەش دەکەن بۆ ئەوەی زۆرترینی ئەو میللەتە بخەنە ناو زەلکاوی ڕیباوە.

ه - کەمکردنەوە و نەهێشتنی مامەڵە کردن بە دراوە نەقدییەکان و بەکارهێنانی دروای دیجیتاڵی و کارتە جۆراوجۆرەکان کە ئەوەش بوارێکی زۆر بۆ تێپەڕاندنی مامەڵە ڕیبەوییەکان دەرەخسێنێت.

و - بەستنەوەی زۆر مامەڵەکانی ڕۆژ بە هەندێ ماستەرکارت و فیزاکارت و هەژماری ڕیبەوی و بەستنەوەی زۆر کارو پێویستییەکانی خەڵکی بەهەندێ بانکەوە کە خەڵکی ناچار دەکەن مامەڵەی سوو ئەنجام بدەن.

ز - هەمیشە بۆ ئەم مەبەستەش لەسەر ئاستی دەوڵەتەکان و بانکە گەورە

وبچووکەکان ولەبەر سوود وەرگرتن لە عاتیفەی خەڵکی بەرانبەر ئیسلام، کۆمەڵێکی زۆر لەبەناو زانایان بۆ ئەو مەبەستە بەکاردەهێنرێن و ئەوانیش لێزانانە لەنوا مەزهەبەکان و بۆچوونی زانا نوێخوازو دوعاتەکانی ئاخر زەماندا بەدوای هەموو بۆچوونێکی دوور لە ڕووحی شەرع و بێ بەڵگە دەگەڕێن و زۆر لایەنەکانی ڕیبا حەڵاڵ دەکەن

و به‌ڵكو هه‌ندێك له‌وانه له‌ئاستی به‌رزدا ده‌ناسرێت و ڕیبای بانكه‌كانی به‌شێوه‌یكی گشتی بۆ خه‌ڵكی حه‌ڵاڵ كردووه.

ح - بێگومان ڕاگه‌یاندیش ڕۆڵێكی زۆر كاریگه‌ری هه‌یه له لاواز كردنی هه‌ستی دینداری له‌سه‌ر حیسابی مادده و زاڵ كردنی ئه‌و قه‌ناعه‌ته‌ی كه جۆره‌ها ڕیبا وه‌كو

زەرورەتێکی سەردەم و پێویستییەکی واقیع نیشان دەدات، ئیعلام لەو بوارەشدا کەڵکێکی یەکجار زۆر لەو زانا دینفرۆشانە دەبینووت کە دینیان کردووەتە ئامرازێك بۆ بازرگانی و پارە پەیدا کردن.

13 - لە کۆتاییشدا سەبارەت بەم مامەڵەی گۆڕینەوەی دینار و بەدۆلار بە نرخی

پالپشتکراو، کەوا لەناو خۆماندا تەشەنەی کردووە و خەڵکانێکی زۆر سەریان بۆ کردووەتەوە بێ ئەوەی بزانن ڕیبایە، یان دەزانن و دڵ بەفەتوای حەڵاڵکەرەکان خۆش دەکەن بێ ئاگا لەوەی ئەم مامەڵە و دەیان مامەڵەی تری هاوشێوە ڕیبایە و لە جیاتی ئەوەی هاوکاری بێت وەکو نەزانەکان گومان دەبەن، پیلانێکە بۆ ڕاکێشانی خەڵکی بۆ ناو

زەلکاوی ڕیبا  وهەلی قازانجێکی زەبەلاحە بۆ بانکەکان، لەو بارەوە دەڵێم:

هەرکێ وا بزانێت گۆڕینەوەی ئەو برە پارە یارمەتییە و ئاسانکارییە لە حکومەتەوە بۆ خەڵکی، ئەوا خراپ حاڵی بووە ومەسەلەکە ڕێك پێچەوانەیە: حەقیقەتی ئەو پرسە نە یارمەتییە و نە ڕەحم و بەزەیی حکومەتی عێراق وپەرۆشییەتی بۆ ئاسانکاری گەشت و

عومرە بۆ میللەت، نەخێر، چونکە ئەوە بزنسێکی ڕیبەوی زۆر گەورەیە حکومەت لە ڕێگای بانکەکان و کۆمپانیاکانی حەج و عومرە و لەڕێگەی خودی گەشتیار و عومرەکانیشەوە ئەنجامی دەدات.

ئەوەی کە هەیە بە کورتی پرۆسەیەکی ڕیبایە کە هاوڵاتی چەند ملیۆن دینارێك بەو بانکە دەدات و بڕە پارەکەی لەلای بانکەکە

دەمێنێتەوە تاکو ڕۆژی گەشتەکە و لە فرۆکەخانە بڕە دۆلارەکەی ڕادەست دەکات، ڕێباش هەروایە و لەوە زیاتر نییە، ئەو وەسڵەش مادام هاووڵاتی لەو کاتەی کە پێی دەدرێت هیچ دەسەڵاتێکی خەرج کردنی دۆلارەکەی نییە و توانای هیچ (تصرف) ێکی بەو وەسڵەوە نییە کە پێی دەدرێت، تاکو ئەو ماوەی ئەوان دیارییان کردووە تێنەپەڕێت،

ئەوە دەبێتە ڕیبایەکی (مكتمل الأركان) و بە ئەندازەی گەردیلەیەکیش گومانت نەبێت کە ڕیبایە، هەرکێییش ئەو مامەڵە حەڵاڵ بکات، ڕیبایەکی ڕوون و ئاشکرای بۆ خەڵکی حەڵاڵ کردووە، جا بۆچی وای کردووە وپاڵنەری چییە ئەوەیان مەسەلەیەکی ترە و بە پێی کەسەکان هۆکارەکان جیاوازن.

ئەگەر حکومەت ئامانجی سەرەکی ئەوە نەبوایە خەڵکی بخاتە ناو ڕیباخواردنەوە ولەگەڵ ئەو حەرامە ڕایان بهێنێت، چەندین ڕێگەی لەبەردەمیدا هەبوو یارمەتی خەڵکی بدات بی ئەوەی تووشی ڕیبا خواردنیشیان بکات، لە ئاسانترینیان ئەوە بوو مامەڵەکەی لە ڕووی ئیدارییەوە پێش کاتی سەفەر کردنەکە بۆ هاوڵاتی تەواو بکردایە ،

ڕادەستکردنی دینارەکە و وەرگرتنی دۆلارەکەی بۆ کاتی گەشتکە لە فرۆکەخانە دوابخستایە، ئەڵبەتە چەندین ڕێگەی تریش هەیە ئەوان بە هیچیان ڕازی نابن چونکە وا بکەن ئامانجەکەیان لە راکێشانی خەڵکی بۆ ناو زەلکاوی سوو خواردن و دەستکەوتنی قازانجە مادییە زەبەلاحەکانیان لەدەست دەچوو، ئەوەیان ڕوون و ئاشکرایە بەڵام سەیر لەو

پینەچییانەیە تەنها لە پیناو ئەوەی پێیان بوترێت مامۆستای مۆدێرن و تێگەیشتوو و شارەزای سەردەمیانە، هەرچییان پێ بوترێت وا دەکەن ویەکسەر پینەکردنیان ئامادەیە، وەکو ئەوەی مردن و قەبروقیامەتێك بوونی نەبێت.

إحسان برهان الدين

24-07-2026 - 10-02-1448